## قۆناغی چوارەم:(( کۆکردنەوە -الحشر ))

دوای زیندوو کردنەوە خەڵك كۆ دەكرێتەوە، لێرەدا هەرچی لەسەرەتا و كۆتایی‌دا دروست کراوە كۆ دەكرێتەوە، باوك و كوڕ، كوژراو وبكوژەكەی، ستەم لێكراو ستەمكارەكەی، دڵدار و دڵبڕاوەكەی وەك خوای دەفەرموێت:

﴿قُلْ إِنَّ الأَوَّلِينَ وَالآخِرِينَ * لَمَجْمُوعُونَ إِلَى مِيقَاتِ يَوْمٍ مَعْلُومٍ﴾(١).

واتە بڵێ ئەوانەی لەسەرەتاوە دروست كراون و ئەوانەی لە كۆتایی‌دا دروست كراون لە كاتێكی دیاری كراودا لە ڕۆژی قیامەتدا لە شوێنێكدا كۆ دەكرێنەوە،

هەروەها خوای پاك وبێگەرد دەفەرموێت:

﴿هَذَا يَوْمُ الْفَصْلِ جَمَعْنَاكُمْ وَالأَوَّلِينَ﴾(٢).

واتە : ئەمە ڕۆژی جیاكردنەوەیە كە ئێوە و پێش ئێوەشمان كۆ كردۆتەوە تێ‌دا .

**خوشکی بەڕێزم** :تۆیش ئەو ڕۆژە كۆ دەكرێیتەوە بەڕووتی و پێ پەتی، ئەو ڕۆژەی عائیشە (رضي الله عنها) دەربارەی لە پێغەمبەر (ﷺ) پرسی : ئەی نێراوی خوای گەورە (ﷺ) ژن و پیاو بەڕووتی بە یەكەوە كۆ دەكرێنەوە سەیری یەكتری دەكەن؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (( ياعائشة الأمر أشد من أن ينظر بعضهم الى بعـض ))(٣)، واتە: ئەی عائیشە كارەكە زۆر لەوە گرانترە بیان پەرژێت سەیری یەكتر بكەن، ئیبن و عەباس (رضي الله عنه) ووتوویەتی (( هەمووشتێك حەشر دەكرێت هەتا مێشێكیش ))، خوای گەورەش فەرموویەتی:

﴿وَإِذَا الْوُحُوشُ حُشِرَتْ﴾(٤).

واتە كاتێك گیانلەبەرانی كێویش كۆ دەكرێنەوە، لەو ڕۆژەدا.

﴿يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّا أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُمْ بِسُكَارَى وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ﴾(٥).

واتە لەو ڕۆژەدا هەرچی شیردەر هەیە ئاگای لەوە نامێنێ شیری پێ‌دەدات هەرچی دووگیان هەیە كۆرپەلەكەی لەبار دەچێت ، خەڵك سەر خۆش دەبینی لەڕاستی‌دا سەرخۆش نین بەڵكو سزای خوای گەورە ئەوەندە توندو تیژە سەری لێ شێواندوون ، هەر لەو ڕۆژەدا.

﴿يَوْمَ لا يُغْنِي مَوْلًى عَنْ مَوْلًى شَيْئًا وَلا هُمْ يُنْصَرُونَ﴾(٦).

واتە: ئەو ڕۆژە، گەورە فریای بچوكی خۆی ناكەوێت بەهیچ شێوەیەك. ئەو ڕۆژە هەموو كەس دەڵێت خۆم خۆم، ڕۆژیش نزیك دەبێتەوە لەو خەڵكەوە ماوەی یەك میل، خەڵكەكە نوقمی ئارەق دەبن، هەیە هەتا قولە پێی ئارەق دێت هەیە تاناوقەدی، هەیە هەتا سەر گۆی مەمكەكانی، هەیە ئارەق ئەگاتە هەردوو گوێچكەی، هەیە ئارەق تا لغاوی دەگات، ئەو خەڵكەش كە كۆدەكرێنەوە سێ جۆرن : لەئەبی هورەیرەوە هاتووە (رضي الله عنه) ووتوویەتی : پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : (( يحشر الناس يوم القيامة ثلاثة اصناف، صنفا مشاه ، صنفا ركبانا ، وصنفا على وجوههم قيل : يارسول الله كيـف يمشـون علـى وجوههم، قال إن الذي أمشاهم على أقدامهم قادر على ان يمشيهم على وجوههم أما انهم يتقون بوجوههم كل حدب و شوك ))(٧)،

واتە ڕۆژی قیامەت كاتێ خەڵك حەشر دەكرێت و كۆ دەكرێتەوە، وەسێ پۆلن : پۆلێكیان پیادەن بەپێ دێن ، وپۆلێكیان سوارە بەسواری دێن، وپۆلێكیان لەسەر ڕوویان دێن بەڕێوە، ووترا : ئەی نێرراوی خوا چۆن لەسەر ڕوویان دێن دەڕۆن بەڕێوە؟ فەرمووی : ئەو خوایەی لەسەر قاچیان ئەی بردن بەڕێوە، توانای هەیە لەسەر ڕوویان بیان بات بەڕێوە، بەڕاستی ئەوانە كە دەڕۆن بەڕێوە لەسەر ڕوو خۆلەهەموو لێژایی‌یەك و دڕك و داڵێك دەپارێزن.

---

(١) {سورة الواقعة:٤٩-٥٠}.

(٢) {سورة المرسلات:٣٨} .

(٣) اخرجه : البخاري (٦٥٢٧) ، وسلم (٢٨٥٩) .

(٤) {سورة التكوير:٥} .

(٥) {سورة الحج:٢} .

(٦) {سورة الدخان:٤١} .

(٧) اخرجه : البخاري (٤٧٦٠)،ومسلم (٢٨٠٦)، والترمذي(٣١٤٣) .